The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## بابە خۆپشاندانی یەکدەست، نەهێڵین فرانس ڤان ئانرات ئازادببێت !

دووساڵی ڕابردوو هۆڵەند مەیدانی گەورەترین هاتنەمەیدانی خەلکی کوردو و دۆستە کانمان لەلایەنە سیاسیەهۆڵەندیەکان وکەسە ئینساندۆست و دیموکراتەکان بوو لەبەرانبەرتاوانی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان و کێشەی بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئانراتدا، خۆشبەختانە دوای دووساڵ کاری بەردەوام و خۆپیشاندان و کاری بەکۆمەڵ و دۆکومینت دان بەداگاو بەشداری بەرفراوانی قوربانیەکان لەهەمووگۆشەو شارەکیمیابارانکراوەکانی کوردستانەوە،داگا دووشتی زۆر گرنگی لەمێژووی خەڵکی کوردستاندا سەپاند، کەبەڕەسمی ناسینی جێنۆسایدی خەڵکی کوردستان و ساغکردنەوەی بوو بەدەستی ڕژێمی بەعس ، وەهەروەها سزای 15 ساڵ بۆگەورە تاوانبارو بازرگانی چەکە بەکۆمەڵکوژەکانی بەعس فرانس ڤان ئانرات بوو.

وەک ئاگادارن پارێزەرانی فرانس ڤان ئانراتی تاوانبار داوای پێداچوونەوەی دۆسیەکەیان کرد واتە (استئنافکردنی)، بۆ ئەمەش ڕۆژی09-10-2006 وەک یەکەمین ڕۆژی پرۆسەکە دانراوە، وەقوربانیەکان وپارێزەرەکەمان خاتوو زێخفێلد ئامادادەبن وەتاوانبار و پارێزەرەکانیشی بەهەمان شیوە ئامادەدەبن، ئێمە وەک <u>ناوەندی چاک</u> لەهۆڵەنداو <u>و کۆمیتەی بەدواداچوونی یاسایی تاواناباارانی جینۆساید</u> ئامادەکاریمان کردووە بۆ داگاکە،بەڵام بەبێ بوونی هاوکاری سەرجەم هێزو کۆڕوکۆمەڵەو خەڵکانی کوردی دانیشتووی هۆڵەند کارەکان کەم
هێز و قوربانیەکان بێپشتیوان دەبن وە ئیمکانی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەش دوور نیە!

بۆیە داواتان لێدەکەین کە پەیوەست بن بەخۆپیشاندانەکانەوە و ئەم ڕۆژە بکەن بە ڕۆژی ڕیزگرتن لەو هەموو ژن و پیاوو منداڵانەی کە بە بەربریانەترین شێوە کۆمەڵ کوژکران، وەدونیا لەئاست ئەم تاوانادا چاوی داخست،داهاتوویەکی ئینسانی بۆ خەڵکی کورستان تەنها لە دادگایی عادیلانەی تاوانباران و ڕژێمەکان ودامودەزگاو کۆمپانیاهاوکارەکانیانە، هەموولایەک و هەموو تاکێک بەرپرسین لە گەیاندنی هاوارو مەرگ وتاوانەکان بۆدادگاوناوەندە جیهانیەکان،وەرن باپێکەوە ئەم ئەرکەوئەم کارە بکەین.

ئەم ڕۆژوهەلە مێژووییانە دووبارە نابنەوە، وەرن با ڕۆح و لاشەی قوربانیەکانی هەڵەبجە و بالیسان و سەردەشت زەردەو ڕەشەهەرمێ و گۆپتەپەو گەرمیان و عەرعەر و نوگرە سەلمان و بادینان و،..... شاد بکەین و خوازیاری  سزای عادلانە بین بۆ تاوانباران.

شوێن و کاتی خۆ پیشاندان
2006-10-09
کاتژمێر 08:30 بەیانی
بەردەم کۆشکی داد لەدینهاخ

**Justitie Gerechtshof**

**Prins Clauslaan 60**

ناوەندی چاک- کۆمیتەی هۆڵەند
کۆمیتەی بەدواداچوونی یاسایی تاواناپارانی جینۆساید
2006-09-26